





دەســـتەی راوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق

دامەزراندن
١٦ تشرینی یەکەمی ٢٠١٧

ئەرکی ئێستا
١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٦
٣١ تشرینی یەکەمی ٢٠٢٨

هێزی پێشنیازکراو
٨٣ کارمەندی نێودەوڵەتیی
٣٢ کارمەندی ناوخۆیی

شوێن
بەغداد
هەولێر

١. ئەرک


دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق (EUAM Iraq) نێردەیەکی مەدەنیی یەکێتیی ئەورووپایە بەگوێرەی سیاسەتی هاوبەشی ئاسایش و بەرگری (CSDP) ، کە ڕاوێژی ستراتیژیی و تواناسازیی پێشکەش دەکات لە پێناو بەهێزکردنی چاکسازیی کەرتی ئاسایشی عێراق و وەڵامدانەوەی دامەزراوەکان بۆ تیرۆر و تاوانی ڕێکخراو و توندڕەویی توندوتیژ.

لە چوارچێوەی ئەرکەکەیدا، کە تا تشرینی یەکەمی ٢٠٢٨ بەردەوام دەبێت، دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق پشتیوانیی لە جێبەجێکردنی ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانیی (NSS) عێراق دەکات هاوکات لەگەڵ بەرەودان بە سەروەریی یاسا و مافەکانی مرۆڤ و بەهێزکردنی پێگەی ژنان.

دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق بە شێوەیەکی سەرەکیی لەگەڵ دەستەی ڕاوێژکاریی ئاسایشی نەتەوەیی (ONSA) و وەزارەتی ناوخۆ کار دەکات بۆ بەهێزکردنی توانای دامەزراوەکانی عێراق و پشتیوانیی کردن لە دارشتن و جێبەجێکردنی ستراتیژەکانی ئاسایشی نیشتمانیی و بەهێزکردنی هەماهەنگیی نێوان یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا و پەیمانی ناتۆ و نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانی تر. ئەم هەوڵانە هاوبەشیی دەکەن لە پەرەپێدانی سیستەمێکی ئاسایشی کاریگەرتر و بەرپرسیارتر دا لەپێناو عێراقێکی سەقامگیر و پارێزراو.

٢. کاریگەرییمان (ئایاری ٢٠٢٤ – تشرینی یەکەمی ٢٠٢٦)

١٩٨	٥٨١٥	١٢٣٥ (٢١٪)	٥٢	١٧
چالاکیی تواناسازیی	بەشداربوو	بەشداربووی ژن	ژنی سەرکردەی ڕاهێنراو	سەردانە مەیدانییەکان



٣. دەستکەوتە سەرەکییەکان

- دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق هاوکار بوو لە دارشتنی ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانیی ٢٠٢٥–٢٠٣٠ بە سەرکردایەتیی عێراق و دانانی میکانیزمەکان بۆ جێبەجێکردنی بە شێوەیەکی کاریگەر. ستراتیژەکە لە ئایاری ٢٠٢٥ بە شێوەیەکی فەرمیی لەلایەن سەرۆکوەزیرانەوە پەسەند کرا و لە ٤ی ئابی ٢٠٢٥ بە فەرمیی ڕاگەیەندرا.

- دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق پشتیوانیی سەرەکیی پێشکەش بە دەسەڵاتدارانی عێراق کرد لە دارشتنی ستراتیژە نیشتمانییەکانی چاکسازیی ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و بەرەنگاربوونەوەی تاوانی ڕێکخراو و ستراتیژەکانی تر.

- لە ماوەی ئەرکی دوو ساڵ و نیوی ئێستایدا، دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق ١٩٨ چالاکیی تواناسازیی لە سەرتاسەری عێراقدا ئەنجام دا، کە ٥٨١٥ کەس بەشداربوون و ٢١٪یان ژنان بوون. لە چوارچێوەی ئەم دەستپێشخەرییانەدا، بەرنامەی پەرەپێدانی سەرکردایەتیی ژنان، کە لە ساڵی ٢٠٢٤دا لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ دەستی پێکرد، تۆڕێکی لە ٥٢ ژنی سەرکردەی ئێستا و داهاتوو پێکهێناوە. چالاکییەکان لە بەغداد و سەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجام دران و فراوانیش بوون بەرە بەسرە.

- لەڕێگەی لەنزیکەوە کارکردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی مافی مرۆڤ لە وەزارەتی ناوخۆ، خولی دووەمی ڕاهێنانی «کاری پۆلیس لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ» بەڕێوەچوو. نۆ دانیشتنی دوو ڕۆژە لە بەغداد و بەسرە و موسڵ و هەولێر ئەنجام دران کە نزیکەی ٢٥٠ ئەفسەر و کارمەندی وەزارەتی ناوخۆ لە سەرجەم ١٩ پارێزگاکە و هەرێمی کوردستانی عێراق بەشداربوون. هەروەها چوار لە ووێرکشۆپەکان بە هاوبەشی لەگەڵ نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ڕێکخرابوون.





٤. بواره سەرەکییەکان

١. چاکسازی کەرتی ئاسایش و ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانیی

دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق پشتیوانیی دەکات لە دارشتن و جێبەجێکردنی لایەنە مەدەنییەکانی ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق و چاکسازیی کەرتی ئاسایش.

٢. بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر

دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق ڕاوێژ پێشکەش دەکات سەبارەت بە یاسادانان و ستراتیژ و چوارچێوە ئۆپەراسیۆنییەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە مەبەستی بەهێزکردنی توانای عێراق بۆ ئاشکراکردن و ڕێگریکردن و وەڵامدانەوەی هەڕەشە تیرۆریستییەکان.

٣. تاوانی ڕێکخراو

دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق پشتیوانیی لە دەسەڵاتدارانی عێراق دەکات لە بەرەنگاربوونەوەی تاوانی ڕێکخراو، لەوانە: بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکانەوە و تاوانی دارایی و تاوانی ئەلیکترۆنی و بازرگانیی نایاسایی بە مۆلک و سامانە کولتوورییەکانەوە.

٤. ڕێگریکردن و بەرەنگاربوونەوەی تووندڕەویی تووندوتیژ

دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق پشتیوانیی دەکات لە هەوڵەکانی پێشگیریکردن و بەرەنگاربوونەوەی تووندڕەویی تووندوتیژ ، لە ڕێی چارەسەرکردنی هۆکارە بنەڕەتییەکانی و پەکخستنی سەرچاوە دارایییەکانی تیرۆر و بەهێزکردنی ڕێکارەکانی پێشگیریکردن.

ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و پابەندبوون بە کارنامەی ئاشتیی و ئاسایشی ژنان و پاراستنی ژینگە وەک چەقی کارەکانی دەستە لە سەرجەم بوارەکاندا دەمێنێتەوە

پەیوەندییمان پێوەبکەن

دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق – بەغداد
هۆتێل ڕۆیال تولیب ئەلڕەشید
شەقامی یافا
ناوچەی نێودەوڵەتیی
بەغداد، عێراق

دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق – هەولێر
پارک ڤیو، تاوەرە، قاتی ٨
شوقەی ٣٢
هەولێر
هەرێمی کوردستان، عێراق

info@euam-iraq.eu
+٩٦٤ ٧٨٠ ٩٥٨ ٣٦٧٢
www.euam-iraq.eu